# خوا بکا ترێ پێ بگەن

**شاعیری ئەفغانی: ئەلیاس عەلەوی**
**لە فارسییەوە: ساماڵ ئەحمەدی**

خوا بکا ترێ پێ بگەن
جیهان سەرخۆش
لەتر بەرن شەقامەکان
سەرکۆمار و دەرۆزەکەر
دەست لە شانی یەکدی بدەن

سەرخۆش بن سنوور
حەمەعەلی دوای ١٧ ساڵ بە دایکی شاد بێتەوە
ئامینە پاشی ١٧ ساڵ پێستە لۆچەکەی کۆرپەی
بهەنوێتەوە

خوا بکا ترێ پێ بگەن
ئامو (١) جوانترین کوڕەکانی بخاتە سەر ئاو
هیندوکوش (٢) کچەکانی ئازاد بکا و

تاوێک تفەنگ لەبیریان نەمێنێ هەڵدڕین
چەقۆ فەرامۆشی کەن بڕین
قەڵەم لەجیاتی ئاگر
ئاگربەست بهێننە نووسین

خوا بکا کێوەکان پێک بگەن
دەریا پڕ داتە ئاسمان و
مانگەکەی بدزێ
پڵنگ بچێ بۆ مەیخانە و
ئاسکی لەگەڵ بێ

خوا بکا سەرخۆشی بچێتە هەموو شتێکەوە
پەنجەرە دیوار بڕمێنن



تۆش ئەو دەمەی لێوی یار دەمژی
منت بەبیر بێتەوە

دڵدارەکەم!
دڵدارە دوورەوارەکەم!
پێکێ ترم لەگەڵ هەڵدە
بە خۆشیی باخە هەڵواسراوەکانی ترێ

پەراوێز:
**١ - ئامو: ڕووباری ئامو، بە زمانی تاجیکی ئامودەریای پێ دەڵێن. سەرچاوەکەی لە چیاکانی پامیرەوە هەڵدەقوڵێ و بە وڵاتانی ئەفغانستان، تاجیکستان، ئۆزبەکستان و تورکمانستاندا دەخوشێ.**
**٢ - هیندوکوش: زنجیرەچیایەکە لە ناوەڕاستی ئەفغانستانەوە تا سنووری پاکستان.**

**سەرچاوە:**
https://podcasts.apple.com/us/podcast/%D8%A7%D9%84%DB%8C%D8%A7%D8%B3-%D8%B9%D9%84%D9%88%DB%8C-%D8%AE%D8%AF%D8%A7-%DA%A9%D9%86%D8%AF-%D8%A7%D9%86%DA%AF%D9%88%D8%B1%D9%87%DA8%B1%D8%B3%D9%86%D8%Aid1713017476?i=1000678497999